

# هەوڵێك بۆ ناسینی

# نوسەری یابانی هاروکی مۆراکامی

سەردار عەزیز

که بازاری ئینگلیزەکانم بەجێهێشت، پەتاتە و مریشک و بیبەرێکی تونی سوور و پارچەیە نانم پێبوو.

ئەم ئێوارەیە من خواردن دروست ئەکەم. خواردنێ کە چەند ساڵێ لەمەوبەر کاتێ بە تەنها لە گوندێ لە قەراخ زەریای ئەتڵەسی لەگەڵ رووس و ئۆکرانییەکانا ئەژیام فێری چاککردنی بووم. ئێمە بە خواردنەکە دەڵێین کەرتۆش، کە بە زمانی رووسی بە مانای پەتاتە دێت، کە من لە چێشتلێنان دەبمەوە یارەکەم دێتەوە. ئەم ئێوارەیە دەبێ زوو نان بخۆین، چونکە حەزئەکەین بە ژێر وردە بارانەکەدا پێکەوە پیاسەیە بە بازارە نووستوەکەدا بکەین، پێش ئەوەی برۆین بۆ کۆڕی چیرۆک خوێندنەوە.

هەموو ساڵێک لەم هەفتەیەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە گەورە چیرۆکنووسانی دونیا رووئەکەنە ئەم شارە، چونکە لێرە یەکێک لە گەورەترین خەڵاتەکانی کورتە چیرۆک لە دونیادا دەبەخشرێت. پەنجا هەزار یورۆ بۆ کۆمەڵە چیرۆکێکی لە چاپدراو لە ساڵێکدا. ئەم خەڵاتە ناوی خەڵاتی فرانک ئۆکۆنەرە. ئۆکۆنەر کە بە هیچ شێوەیەک بە خوێنەری کورد ئاشنا نییە لە ئەدەبیاتی ئینگلیزی زماندا کورتە چیرۆکنووسێکە بە هاوتای ئەنتوان چیخۆف لە ئەدەبی رووسیدا. بەڵام من باسی ئۆکۆنەرتان بۆ ناکەم، ئەوە هەڵئەگرم بۆ دەرفەتێکی تر، چونکە هاوەڵ و لێکۆڵەرەوەیەکی تایبەت بە ئەو بۆ ساڵانێک دراوسێم بوو، لە دانیشتنێکی تایبەتدا، لە هەوڵێک بۆ ناساندنی ئۆکۆنەر بە خوێنەری کورد دەربارەی ئەو قسەئەکەین.

ئەم ئێوارەیە کۆری چیرۆک خوێندنەوە بۆ چیرۆکنووسی یابانی هاروکی مۆراکامییە. مۆراکامیش بە داخەوە نووسەرێکی ترە کە دونیای ئەدەبیاتی ئێمە پێی شارەزا نییە. هەموو جاری کە نووسەرێکی گەورە ئەبینم و ئەدەبیاتی ئێمە بە بەرهەمەکانی نامۆیە، تووشی دڵتەنگی ئەبم.




بەرگی رۆمانێکی هارۆکی مۆراکامی

هاوینی پار کاتێ لە گەڵ گەورە نووسەری باشوری ئەفریقا ج.م.کویتزی، کە خاوەنی خەڵاتی نۆبڵە، بۆ ساتێ پیاسەمان کرد، پاشان دڵم بە خوێنەری کورد ئەسوتا. (شایانی باسە هەوڵی زۆرم دا کویتزی رازیکەم بۆ ئەوەی بۆ خوێنەری کورد چاوپێکەوتنێکی لەگەڵا ئەنجام دەم، بەڵام کویتزی نەک بۆ کەسێکی نەناسراوی وەک من، بەڵکو بۆ گەورەترین رۆژنامەنووسی دونیاش چاوپێکەتن ئەنجام نادات).

هاروکی مۆراکامی ئێستا لە تۆکیۆی پایتەختی یابان ئەژی. لە 12 ی کانوونی یەکەمی ساڵی 1949 لە شاری کیوتۆ لە دایک بووە. بەڵام زۆربەی ژیانی لە شاری کۆب بە سەربردووە. باوکی کوڕی قەشەیەکی بودییە و دایکی کچی بازرگانێکە لە ئۆساکا. باوانی مۆراکامی هەردوکیان وانەی ئەدەبی یابانیان وتوەتەوە. وەک لە ساڵی لە دایک بوونەکەیا ئەبینرێت مۆراکامی پاش جەنگی جیهانیی دووەم هاتوەتە دونیاوە. ئەو جەنگەی کە یابان وەک وڵاتێک بە خەستی تیایدا بەشداربوو. بەشداری یابان لەو شەرەدا لە بۆمبارانکردنی بەندەری پێرل هاربەرەوە دەستپێئەکات. ئەم دەستدرێژیە، کە هەندێ جار بە تەبای رووداوی 11ی سیپتەمبەر بەراوردئەکرێت، وەهای لە ئەمریکاکرد کە هێرش بکاتە سەر یابان.

یابان لە جەنگدا دژ بە ئەمریکا شکستی هێنا. بەشێکی زۆری وڵاتەکە وێران بوو. دوو شاریشی بە بۆمبی ناوەکی بۆمبارانکرا. ئەم شکستە مێژووی یابانی گۆڕی. گۆڕانێک کە سەرتاپا رەهەندەکانی ژیانی گرتەوە. یابانی پێش جەنگ وڵاتێکی دەستدرێژکەر و شەڕخوازبوو. بەڵام پاش شەڕ هەموو شتێک رێڕەوێکی تری وەرگرت. ئەم قۆناخە بۆ مۆراکامی زۆر گرنگ و کاریگەرە. رۆمان و چیرۆکەکانی مۆراکامی بەگشتی دەربارەی جەنگ و کۆمەڵگای پاش جەنگە. دۆڕانی یابان و داننانی بە دۆڕانیا وەهای کرد وڵات بەرەو رووی رۆژئاوابکرێتەوە. بۆیە سەیر نییە کە مۆراکامی هەر لە سەرەتاوە بە ئەدەب و کولتوری رۆژئاوا ئاشنابوو.

مۆراکامی لە زانکۆی وەسیدا لە تۆکیو درامای خوێندوەو هەر لەوێش پەیوەندیی لەگەڵ یۆکۆ–دا پەیداکرد، کە پاشان بووبە خێزانی. یەکەم کاری لە کۆگایەکی فرۆشتنی شریت و سی دی دا بوو. هەمان شوێن پاشان دەبێتە شوێنی کاری پاڵەوانی رۆمانی دارستانی نەریژی، تۆرو واتەنەبی. لە گەڵ ئەدەبدا مۆراکامی عەشقی مۆسیقایە. لە ساڵانی 1974 تا 1982 خاوەنی بارێکی جازبوو لە شاری تۆکیو، کە ناوی پیتەر کات–ە.




مۆراکامی یەکەم رۆمانی لە ساڵی 1979دا نووسی لە ژێر ناوی (گوێگرتن لە گۆرانیی با)، کە بیرۆکەکەی لە کاتی تەماشاکردنی یاریی بەیسەبۆڵدا بۆهات. هەرچەندە ئەو کاتە بە رۆژ ئیشی ئەکرد بەڵام، وەک کافکا، شەوان و بەیانیان زوو پاش چەند مانگێک دەقێکی بەرهەم هێنا، کە کورت و پچرپچربوو، بەڵام لە پێشبڕکێیەکی ئەدەبیدا خەڵاتی یەکەمی بە دەست هێنا. ئەم سەرکەوتنە لە سەرەتاوە هانی دا بۆئەوەی لە نووسین بەردەوام بێت.

کە ئێوارە پاش پیاسەکردن گەشتینە هۆڵی چیرۆک خوێندنەوەکە کە ناوی تریسکلە، کۆمەڵێکی بەرچاو خەڵک لەوێ ئامادەبوون. بەڵام ئەوەی مایەی دڵتەنگی بوو، هاروکی مۆراکامی خۆی لەوێ ئامادەنەبوو، بەڵکو لەبری ئەو وەرگێرەکەی

ئامادەبوو کە ناوی جەی روبن-ە. روبن مامۆستای ئەدەبی یابانییە لە زانکۆی هارڤەرد، لە ئەمریکا. پاش چیرۆک خوێندنەوە لەلایەن پۆڵ کەسنەوە چاوپێکەوتنی لەگەڵا ئەنجامدرا. پۆڵ هاوەڵێکی نزیکی منە، (چەند ساڵێک پێکەوە ئێواران یاریی دووگۆڵیمان ئەکرد)، لە دوکانی کتێبفرۆشی واتەرستۆن کار ئەکات. پۆڵ بۆیە هەڵبژێردرا بۆ ئەنجام دانی چاوپێکەوتنەکە، چونکە یەکێکە لەوانەی لە زۆر سەرەتاوە بە مۆراکامی ئاشنابووە و بە ئەوانی تری ناساندووە لەم شارەدا، پۆڵ خوی رۆمانیش ئەنووسێ.

کاتێک پۆڵ هەمان پرسیاری لە جەی رۆبن کرد؛ چۆن بە بەرهەمەکانی مۆراکامی ئاشنابوویت؟، جەی تا هێندێک وڵامێکی سەیری هەبوو. جەی پێش خوێندنەوەی مۆراکامی بە ئەدەبی کلاسیکی یابانییەوە سەرقاڵ بوو. ئەو وتی؛ هەرکاتێ لە یابان بەرهەمەکانی مۆراکامی دەبینی بە ژمارەیەکی زۆر لە کتێبخانەکاندا کەڵەکەکرابوون، هەردەم بڕوای وەهابوو کە ئەم نووسەرە دەبێ بۆ زەوقی هەموان بنووسێ و بەرهەمەکانی هەڵگری هیچ سەلیقەیەکی ئەدەبی نەبن. بەڵام کاتێک دەزگایەکی بڵاوکردنەوە لە ئەمریکا دەقێکی وەرگێڕدراوی مۆراکامیی بۆ دەنێرن بۆ ئەوەی لەگەڵ دەقە یابانیە رەسەنەکەیدا بەراوردیکات و رای خۆی لەسەربدات، جەی لەوساتەوە عەشقی مۆراکامی بوو. وەک خۆی وتی؛ ئیتر سەرتاپا ژیانی گۆڕا. لەو ساتەوە بەردەوام مۆراکامی دەخوێنێتەوە و زۆربەی زۆری بەرهەمەکانی وەرگێڕاوە بۆ زمانی ئینگلیزی. وانەیەک لێرەدا بۆ ئێمە وەک نەتەوەیەک گرنگە ئەوەیە کە وڵاتی یابان دەزگایەکی هەیە بۆ ناساندنی ئەدەبی یابانی بەدونیا. دەزگایەکی لەو شێوەیە کە هەستێ بە وەرگێرانی دەقە کوردییەکان پێویستە.

مۆراکامی نووسەرێکی هەست ناسک و سەیرە. خۆی بە باشی زمانی ئینگلیزی ئەزانێت ، کە ئەویش دەگەرێتەوە بۆ ئەو گۆڕانە گەورەیەی بە سەر کۆمەڵگای یابانیدا هات پاش جەنگی جیهانیی دووەم. لە هەمانکاتدا کاری وەرگێرانیش ئەکات، بەتایبەت کورتە چیرۆکەکانی رامیۆند کارڤەر. کارڤەر کە گەورە کورتە چیرۆکنووسێکی ئەمریکییە، وەک زۆری تر بە ئەدەبی کوردی ئاشنا نییە. کارڤەر سەر بە قوتابخانەیەکی ئەدەبیە، کە هەروەها بە ئەدەبی کوردی ئاشنا نیە، ئەویش قوتابخانەی ریالیزمی پیسە، لە بری ریالیزمی ئەفسونایی مارکیز، کە هێشتا ئەدەبی کوردی بەدەستیەوە دەناڵێنێ. لەوە ئەچێ زەوقی خوێندنەوە لە نێوکوردا هێشتا قۆناخی رۆمانتیکی بەجێ نەهێشتبێت، یان نەتوانێت بەجێی بهێڵێ، ئەمە دەکرێ شایانی لێکۆڵینەوەی زیاتربێت. هەندێ جار دەقی کوردی بۆ یارەکەم وەرئەگێرم، کە خۆی لە زانکۆ مامۆستای زمان و ئەدەبی ئەڵمانییە، هەردەم پێم پێئەکەنێ کە ئەدەبی کوردی ئەدەبی دوو سەدە لەمەوپێشە.

دەڵێن جارێکیان مۆراکامی چاوپێکەوتن لەگەڵ کارڤەردا ئەنجام ئەدات، ئەو تەنها خۆی وەک وەرگێرێک دەناسێنێ، کارڤەر پێی دەڵێت بە پرسیارەکانتا لەوە ئەچێت نووسەربیت. ئەدەبی مۆراکامی ئەدەبی مامەڵەکردنە لەگەڵ پرسیارە گەورەکانی ژیاندا بەبێ وەڵامدانەوەیان. رستەکانی شاعیرانەن، بەڵام جواد لەگەڵ شیعری هایکۆی رابوردوی یابانذا. مۆراکامی زۆر بەئاگاییانە دەیەوێ دەقێک بنووسێ، کە جودابێت لە دەقە پێشینەکان. ئەو نیازیەتی پچڕانێک دروستکات لە گەڵ ئەدەبێکدا، کە تا نووسەری گەورەی یابانی کوابانا درێژەی هەیە. دەقی مۆراکامی دەقێکی یابانییە و لە هەمانکاتدا جیهانیشە. ئەم دیاریدەیە، شایستەی ساتێک لە سەر راوەستانە. لە نووسینەکانی مۆراکامیدا ناوی زۆری نووسەران و بەرهەمە رۆژئاواییەکان هەیە، مۆسیقا و گۆرانییە رۆژئاواییەکان لە هەموو دەقێکی مۆراکامیدا ئامادەیی هەیە، ئامادەییەک کە زۆر دیار و زەقە.

بۆ نموونە دەستپێکی یەکێک لە هەرە ناسراوترین رۆمانەکانی کە ناوی دارستانی نەرویژییە، بە گۆرانیی دارستانی نەرویژی تیپی گۆراندی ئینگلیزی بیتڵز دەست پێئەکات لە رۆژێکی باراناویدا لە فرۆکەخانەی هامبۆرگ. پاڵەوانی رۆمانەکە ئەوکاتە تەمەنی 37 ساڵان بووە، بەبیستنی ئەو گۆرانییە رۆژانی خوێندنی لە زانکۆ وە بیردێتەوە. بیستنی گۆرانییەک وەها لە کەسێک ئەکات ئەو هەموو رووداو و ساڵانەی وەبیربێتەوە. ئەمە لە هەمانکاتدا یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی تری دەقی مۆراکامی دەرئەخات، کە بریتییە لە نۆستالژیا، لە هەمانکاتدا ئەوەش دەرئەخات کە ئەو وەک نووسەرێک بیرۆکەی چیرۆکەکانی لەکوێوە هەڵئەهێنجێ. ئەو ئەڵێت؛ چەند وشەیەک لە دەمەتەقەیە، یادەوەرییەک،

خەونێ، شتێک گە چێشتخانەیەکا بەرگوێم کەوێ، ئەمانە هەمویان دەکرێ ببنە مایەی نووسنی چیرۆکێک.

بەڵام جگە لەمانە شتی سەیر تر دەبنە مایەی ئەوەی کە ئەو بنووسێت. لە رۆژێکی هاوینەدا پیاوێکی بچکۆلە، کە مۆراکامییە، لە یەکێک لە دوورگەکانی هاوای پیاسەئەکات. لە میانەی پیاسەکەیدا تی شێرتێکی بەرچاوئەکەوێ کە وێنەی پیاوێکی بە سەرەوەیە و لە ژێریا نووسراوە، تۆنی تاکی تانی. مۆراکامی تی شێرتەکە ئەکرێت، کە نرخی تەنها یەک دۆلارە. پاش تەواوبوونی گەشتەکەی لەگەڵ خۆیدا تی شێرتەکە بۆ تۆکیو ئەباتەوە.

ئەو وێنەی سەر تی شێرتەکە و ناوی تۆنی تاکی تانی دەبێتە مایەی نووسینی چیرۆکێک، کە پاشان دەکرێتە میلمێکی 73 چرکەیی. چیرۆکەکە تابلێی بە لەزەتە. ساڵی 2002 جەی رۆبن وەریگێراوەتە سەر زمانی ئینگلیزی و لە گۆڤاری ناسراوی نیورکەرا بڵاوکراوەتەوە. چیرۆکەکە وەها دەستپێئەکات. ناوی راستەقینەی تۆنی تاکی تانی، تۆنی تاکی تانیە. ئەم ناوە و بیرکردنەوە لەم ناوە وەها لە مۆراکامی ئەکات کە پاڵاوانێک بەرهەم بهێنێت، کە بەسەرهاتی ژیانی گێرانەوەیەکی پڕ لەزەتی مێژوو و کۆمەڵگای یابانییە پاش جەنگ. ئەگەر دەرفەت هەبێ لە داهاتوودا ئەم چیرۆکە بۆ زمانی کوردی وەرئەگێرم.

ئەگەر کەسێک لە یابان هەڵگری ناوێک بێت وەک تۆنی جێی سەرسوڕمانە چونکە ناوی تۆنی بە هیچ جۆرێ ناویکی یابانی نییە. وەک هەموو دەزانین ناوێکی ئینگلیزییە، بۆ نموونە سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا ناوی تۆنی–ە یان تۆنی بلێر. بۆیە هەر لە سەرەتاوە مۆراکامی چیرۆکەکەی وەها دەستپێئەکات دەڵێ: بە هۆی ناوەکە و قژە لولەکەی و روومەتیەوە زۆر ئاشکرابوو کە ئەو سەربە دوو رەگەزی جودایە، بەڵام هەردوو باوانی تۆنی تاکی‌تانی سەد دەر سەد یابانی بوون. ئیتر چیرۆکەکە درێژە ئەکێشێ. بەڵام ئەوەی سەیرە کە تۆنی تاکی تانی کەسێکە بوونی هەیە. پاش ساڵێک لە نووسینی چیرۆکەکە مۆراکامی بۆی دەرئەکەوێ کە ئەو کەسە، پارێزەرێکی بە رەچەڵەک یابانییە لە ئەمریکا. وێنە و ناوەکەی لە سەر ئەو تی شێرتەبووە، چونکە ئەو خۆی بۆ هەڵبژاردنەکانی ناوخۆی دورگەی هاوای پاڵێورابوو. شایانی باسە تۆنی تاکی تانی لە ململانێی هەڵبژاردنەکانا دۆراندی.

دوا رۆمانی مۆراکامی ناوی پاش تاریکییە، کە رۆمانێکی جودایە. چیرۆکی رۆمانەکە باس لە شەوێک ئەکات لە میترۆکانی شاری تۆکیودا. بیرۆکەی پێکەوەبوون و تەنهایی کە کرۆکی ئەو جێگا قەرەباڵغانەیە. ئەم رۆمانە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی، بەڵام ساڵی داهاتوو لە چاپ ئەدرێت. مۆراکامی جگە لە ئەدەب کاری رۆژنامەنووسیش ئەکات لەم بوارەدا کتێبێکی ناسراوی هەیە بە ناوی میترۆ یان ژێرزەمین، کە راپۆرتێکە دەربارەی ئەو کۆمەڵە یابانییە توندڕەوەی کە گازی ژەهراوییان بەکارهێنا بۆکوشتنی خەڵکی لە تۆکیو.

یەکێک لەو خاڵانەی کە جەی رۆبن باسیکرد چێژی خواردن بوو لای مۆراکامی. ئەو خواردنێ ناخوا بەبێ بیرلێکردنەوە. زۆر لە رۆمانەکانی باس خواردن دروستکردن ئەکات، یەکێک لەرۆمانەکانی بە لێنانی سپاگێتی دەستپێئەکات، کە خواردنێکی ناسراوی ئیتالییە. هەروەها کورتە چیرۆکێکیشی هەیە باسی کەسێک ئەکات کە سپاگێتی لێئەنێت. لەم دواییانەدا لە یابان کتێبێ لە چاپدراوە دەربارەی هەموو ئەو خواردنانەی کە مۆراکامی لە نووسینەکانیا ناوی هێناوە. جەی رۆبن وتی ئەو کتێبە ناکاتە ئینگلیزی.

ئەو رەخنانەی لە مۆراکامی دەگیرێت ئەوەیە کە گوایە زیاتر لە روانگەیەکی کەپیتالیزمانەوە لە روداوەکان ئەنوارێ. هەرچەندە ئەو باس لە بەتاڵیی رۆحی و نامۆیی و تەنهایی ئەکات لە کۆمەڵگای یابانیدا. سەرکەوتنی مۆراکامی لە سەرکەونتی ئەودایە لە پێکەوە گرێدانی یابانی جیهانیدا. بۆیە ئەدەبی ئەو دەکرێ بە ئەدەبی مرۆڤانە بناسرێ.

شایانی باسە پاداشتی ئەمساڵ بۆ مۆراکامی بوو. ئێوارەیەکی خۆش بوو بۆ عاشقانی.